# ئەنجومەنی حوکمی عێراق لەبەردەم چەند هەنگاوێکی قورسدا

سامی ستار – سەرنووسەری رۆژنامەی پارێزگاران

لەم ماوەی رابردوودا ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق کە لە (25) ئەندام پێکهاتووە راگەیەندرا، کە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە رەنگدانەوەی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی عێراقو شێوازی ئەتنیکی خەڵکی عێراقە، بێگومان پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە خۆی لەخۆیدا نیشانەی بەهێزی ئیرادەی خەڵکی عێراقو لایەنە سیاسیەکانیەتی بۆ خۆبەڕێوەبردنو دووبارە بنیات نانەوەی عێراق لەلایەكو بەجێگەیاندنی پەیمانی لەمێژینەی ئەمریکیەکانیشە کە هەر زوو بە گەلی عێراقیان دابوو، ئەویش بەوەی کەوا خەڵکی عێراق لەوە دڵنیا بێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەسەڵاتی وڵات دەکەوێتەوە دەست عێراقیەکان خۆیانەوە. هەر لە سەرەتای راگەیاندنیشیەوە ئەنجومەنەکە پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە لێکراو وەك یەکەمین هەنگاوی وەرگرتنەوەی دەسەڵاتو وەگەڕخستنەوەی توانای خەڵکانی عێراقیە بۆ دەستپێکردنەوە لە خاڵی سفردا. لەسەر ئاستی ناوخۆش هەر لەبەر ئەوەی وەك پێشتر باسمان کرد ئەنجومەنەکە لەسەر بنچینەی دابەشبوونی دیمۆگرافی لە عێراقو شێوازە ئەتنیکیەکەیەتی هیچ بەرهەڵستیەکی وەهای لەبەرامبەردا دروست نەبووە کە شایانی باس بێت، لەبەر ئەوەش کە ئەنجومەنەکە لە ناوخۆو دەرەوەدا هیچ بەرهەڵستیەکی بۆ دروست نەبووە کەواتە رێگا لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرکی قورسی ئەو ئەنجومەنەدا والا دەبێت کە دەکرێ وردە وردە هەنگاو بەرەو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە بنرێ کە دیارترینیان لە چەند خاڵێك دا کۆ دەکەینەوە:

یەکەم: مەسەلە سیاسیەکان

پێویستە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق لە بواری سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت و بەرنامەیەکی وەها دابڕێژرێت کەوا بە وردی بناغەی سیاسیەتێکی نوێی دوور لە هەموو توندوتیژی و دەمارگیرییەك دامەزرێت و مامەڵە کردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهانیش دا لەسەر ئەساسی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش و لە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی عێراقدا بێت، پەیوەندی ئاڵۆز و تێکچووی نێوان رژێمی پێشووی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا ئەبێت چاوی پێدا بخشێنرێتەوە ئەو پەیوەندییانە بگەڕێنەوە دۆخی جارانی. لەسەر ئاستی ناوەخۆش پێویستە دەسەڵاتی داهاتوو سەرجەم مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵك بپارێزێت و کەش و هەوایەکی دیموکراسی و وەها لە عێراقدا بچەسپێنێت کە تێنویەتی خەڵکی عێراق بشکێنێت.

دووەم: مەسەلە ئابوورییەکان

هەر لە دوای شەڕی کەنداو و بگرە پێشتریش بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و بە فیڕۆ دانی داهاتی عێراق بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حیسابی شەخسی بنەماڵەی سەدام تەرخانکردنی بڕێکی زۆری داهاتەکەش بۆ پرۆژە سەربازییەکان کە لە جەنگە دۆڕاوەکانی بە هەدەر دەدرا. هەر بۆیە لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك عێراقدا کێرڤی هەژاری و کەمدەرامەتی خەڵك رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو بەرزبوونەوە دەچوو. کەواتە پێویستە ئەنجومەنی حوکمڕانی بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق و خراپی گوزەرانی خەڵك بیر لە سیستەمێکی تری بواری ئابووری بکاتەوە کە سیستەمێك بێت لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی عێراقدا بگونجێت، جێگای خۆشحاڵیشە کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەند و پڕ لە پیت بەرەکەتە کەواتە ئەم پرسە هێندە هەڵناگرێت ئەرکێکی هێندە قورس نییە بۆ جێبەجێکردنی.

**سێیەم: مەسەلەی چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش و بەرقەرارکردنی یاسا**

**لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بارودۆخێك هاتۆتە پێشەوە کە بەهۆی تێکچوونی دەزگاکانی پۆلیس و پاراستنی ئاسایشی خەڵك بارگرژییەك لەنێو شارەکانی عێراقدا هاتۆتە ئاراوە کە زۆر بە ئاسانی ناتواندرێت یاسا جێگیر بکرێت و ئەمن و ئاسایش بۆ شارەکان بگەڕێتەوە. هەربۆیە دەکرێ ئەنجومەنی تازە دامەزراو بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هێزە چەکدارەکانی لایەنە سیاسیەکانی عێراق وەك یەکەمین هەنگاو و دەستپێکی گێڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ جەماوەر و شارە ئازادکراوەکان هەوڵێکی جدی بدەن تاوەکو چیتر ئەو فەوزایەی کە لە بارودۆخی ئێستادا خولقاوە نەمێنێت.**

**بێجگە لەم خاڵانەی سەرەوەش ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق کۆمەڵێك کاری تری دەکەوێتە ئەستۆ بەڵام ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد دەکرێت لە ئەجندەی کارەکانی ئەنجومەنی ناوبراودا ئەولەوییەتیان پێبدرێت.**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.